ئەنوەر حسێن بازگر

# مۆدێلی
# حزبایەتی لەکوردستان

## ئاستەنگ، گرفتەکان و ئەلتەرناتیڤەکان

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

مـۆدێلی حزبایـەتی لـە کوردسـتان – ئاسـتەنگ، گرفتـەکان و ئەلتەرناتیڤەکان
ئەنوەر حسێن بازگر
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ١٨١١) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: شانیا یوسف
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٢٥ )

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق

# پێشەکی

مۆدێلی حزبایەتی لە کوردستان، باسێکی کورتە سەبارەت بە بەحزبیبوون لە کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق و مۆدێلەکانی حزبی بوون.

باس لەوە دەکرێت. ئایا مۆدێلی حزبی کوردی دەتوانێ لەگەڵ کام مۆدێلی حزبی جیهانی ناوببرێت و خۆی ڕێکبخات؟ ئایا حزبی کوردی تا چەند گرنگە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و دەتوانێ وەڵام بداتەوە بە خواستی خەڵك و مافەکانی تاك و کۆمەڵگە؟

لەم نامیلکەیەدا وەڵام بەوە دەدرێتەوە. ئایا ئانارشیزم لەحزبی کوردیدا هەیە؟ ئایا ئەڵتەرناتیڤی حزبی کوردی،



دروستبوونی حزبی ترە؟ یان ڕێکخراوەکانی (NGO)یە؟

ئایا ئەم مۆدێلە دەتوانێ ئەڵتەرناتیڤی حزبی مۆدێلی هەشتاکان و نەوەدەکانی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردستان بێت؟

باس لەوە دەکات، حزبی کوردی دەبێ پێداچوونەوە بە ئایدۆلۆژیاو میکانیزمی کارکردن و هەیکەلەی ڕێکخستنی خۆی و پرەنسیپەکانیدا بکات.

گەر دەیەوێت، خۆی بگۆڕێت. دەبێ کۆپی یان سود لە ئەزمونی مۆدێلی خۆرئاوایی وەربگرێت و لە خزمەت تاکی کۆمەڵگای کوردستان و بونیادنانی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیدابێت.

دەبێ حزبی کوردی مۆدێلی نوێ بێتو ببێتە داکۆکی سەرەکی سیستمی دیموکراسیو سیکۆلارو عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

له فاکتەرەکانی ئەو پاشەکشەیە وردبێتەوە کە توشی هاتووەو فۆرمی تازە بدۆزێتەوە بۆ کاراکردنی حزب.

ئـــەم نامیلکەیـــە (ی.ن.ك) وەکـــو حزبـــی چـــەپی هەشتاکانو سۆسیال دیموکراتی ئێستا هەڵدەسەنگێنێ کە دەبێ چۆن وەڵام بەخواستەکانی کۆمەڵگاو لایەنگرو ئەندامانی بداتەوەو مۆدێلێکی نوێ پێشکەش بکات.

نامیلکەکە تەنها هەوڵێکی بچووکە بۆ قسەکردن لەسەر مۆدێلێکی حزبایەتی لە کوردستانو لەساڵی (٢٠١٠) دا نوسراوەو باس لەڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان ناکات.

بەو هیوایەی لە داهاتوودا. باس لەم بابەتەو بەوردتر باسی حزبایەتی لەکۆمەڵگای کوردستاندا بکرێت.

**ئەنوەر حسێن**

**٢٠١١**

# حزب لەسیاسەتی مۆدێرنەدا

پێش هەمووشت لەبارەی تیۆری سیاسی مۆدێرنێتەوە، چەند فۆرمێکی تایبەتی هەیە لەبابەتی پەیوەندی سیاسەت و ئاکار، سەرچاوەکانی دەسەڵات و شەرعیەت پێدانی و سنوری دەسەڵاتەکانی، کەهەندێك پێیانوایە لەبارەی سیاسەت و ئاکارو سەبارەت بەزانستی سیاسەتی نوێ لەماکیاڤیلیەوە دەستپێدەکات. بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنێتەدا، دەسەڵات لەگەڵ پەیمانی کۆمەڵایەتی یەکیگرتوەو هۆبزولۆك لەپێشرەوانی ئەم زانستە نوێیەدا بوون. کەواتا مێژووی حزبی سیاسی هەرچەندە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام فۆرمی حزب و رێکخراوەیبوون لەوکاتەدا جیاوازی هەبوو. هەرچەندە حزب بەدرێژایی مێژووی سیاسی نوێ.



پێگەو جێگایەکی گرنگی هەیە، بەڵام هەر حزب و رێکخراویشە لەسەدەکانی رابردوودا رۆڵێکی ناشیرینی لەناو کۆمەڵگەدا بەرهەمهێنا تارادەی ناشیرینکردنی حزب وەك ئەوەی ستالین، پۆل پۆت، چاوشیشکۆ، تاڵیبان کردیان. بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی سیاسی دونیاو رۆڵ و پێگەی حزبیان بەچەند قۆناغ و فۆرمی جیاواز جیاوازدا بردوە. بێگومان حزب بۆ خۆی زادەی واقیعەتی دیموکراسیە، بەهەمان شێوە حزبیش رۆڵی هەیە لەگەشەکردنی دیموکراسی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات.

واتا لەسیستمی سیاسی نوێی دونیادا، حزب بووەتە پێویستییەکی کۆمەڵگەکان، بەتایبەتی پاش کۆتایهاتن بەدەسەڵاتی کڵێساو پاپا، کەگشت کاروباری وڵاتیان بەدەستەوە بوو بەدیهێنانی قۆناغی ریفۆرمو رێنیسانس. حزب بۆتە فاکتەری سەرەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو کۆبونەوەی خەڵك لەدەوری رێکخراوێك.

# حزب گرنگە لەکۆمەڵگەدا

حزب بەمانا تەقلیدییەکەی رۆڵی گرنگی هەبووە لەڕێکخستنی خەڵك و سازماندانیان بۆ رێکخراوە بوون، بەمەبەستی سیاسی، بەئایدۆلۆژیاکردن و ئامانجێکی تایبەت، بەڵام ئێستا حزب بەتەنها لەفۆرمێکی ئایدۆلۆژیدا نەماوەتەوە، بەڵکو بووە بەپێویستیەکی حەتمی، سیستمی کۆمەڵگە بۆ بەڕێوەبردن، گرتنەدەستی دەسەڵات، نوێکردنەوەی فیکری تازە، بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی، کاراکردنی سیستمی پەرلەمانی و دیموکراسی.

لەئێستادا هەرچەندە لەوڵاتانی خۆرئاوا، ئەمەریکا، حزب رۆڵی گرنگی هەیە، بەڵام ماشێنی



وەگەڕخەری حزب و داینەمۆی سەرەکی حزبەکان، رێکخراوەکانیانە کە لەفۆرمی رێکخراوەی مەدەنی خۆیان رێکخستوە، نەك وەکو مۆدێلی خۆرهەڵاتی حزب بریتی بێت لەئۆرگانیزەکردنی حزبی رووت. تاکە میتۆدێك لەئێستادا کە وەکو ئەڵتەرناتیف سەیری بکرێ رێکخراوە (NGO)کانن تابتوانن وەکو رێکخەری کۆمەڵگە ئامانجەکان بێنێتەدی. لەکاتی غائیبوونی حزب وەکو پێویستی کۆمەڵگە، بەرهەمهێنانی دیموکراسی، ئازادی سیاسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، سیستمی مۆدێرن، ئازادی راگەیاندن، عەقیدە و بەیان.

# ڕۆڵی حزبی
# کوردی لەکوردستان چی بووە؟

ئەگەر چی بەشێکی زۆر لەو بزووتنەوە چەکداریە سیاسیانەی کورد لەمێژووی رابردووی خۆیدا.

هەمان ئامانجی ئێستای حزبیان هەبووە، بەڵام وەکو فۆرمێکی حزبی رێکنەخرابوون. بۆیە مێژووی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی کورد لەهەموو کوردستاندا هەمویان رۆڵیان هەبووە لەخەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد، هەر ئەو حەماسەت، بەرگریکارییە، شۆڕش و قوربانییەش بووە کەوایکردوە بەشێك لەو بزووتنەوانە قوربانییەکی زۆر بدەن تائەوەی لەسەردەمی قازی محەمەد، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، کۆماری مەهابادی لێبکەوێتەوە، کەبەسەدان دەستکەوتی



گەورەی بۆ گەلی کورد لەکوردستانی خۆرهەڵات بەدەستهێنا. لەسەردەمی سمکۆی شکاك و بزووتنەوی خۆیبوون لەباکور، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ ئەم قوربانیدانە گەیشتە لوتکە.

لەئێستای کوردستاندا حزب ئەڵتەرناتیڤێکی نییە. بۆیە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر رەوشی سیاسی کوردستاندا، بەڵام گەر ئاراستەکردنەکەی فۆڕمێکی پۆزەتیف نەبێ، بێگومان حزب ماناکانی خۆی لەدەستدەداو ناشتوانێ خزمەتی پرۆسیسی دیموکراسی بکات، واتا. حزبی کوردی هەم زادەی واقیعەتی کۆمەڵگەی کوردستانەو هەم مۆدێلێکی خارجیە، بەڵام حزبەکانی کوردستانیش وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هێشتا لەژێر کاریگەری فۆرم و دیسپلینی حزبی سۆڤیەتی یان (ستالینی و ماوی) ماون، هێشتا دەفتەری سیاسی لەحزبی کوردیدا، زۆربەی دەسەڵاتەکانی لەدەستدایە، حزب هێشتا پەیوەستە بە ئایدلۆژیایەکی

دیاریکراوەو نەیتوانیوە بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا دەربچێ یان هەندێکیان دۆگمایانە سیاسەت دەکەن. بۆیە واباشە حزبی کوردی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دونیای خۆرئاوادا لەمەسەلەی حزب و حزبایەتی خۆی بگونجێنێت و باشترین فۆرمەکانی ئەم مۆدێلە کۆپی بکات. چۆن کاتی خۆی ئاتا تورك ئەمەی کرد.



## ئانارشیزم
## لەکوێی حزبی کوردیدایە؟

لەحزبی کوردیدا ئەگەر ئامانجێکی ئانارشیستی لەپشت ئەو هەوڵەوە بێ کە باسدەکرێ بۆ سڕینەوەی حزب و نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بێگومان کاریگەریەکی نێگەتیڤی دەبێ، بەڵام بۆئەوەی خەڵك لەحزبی کۆمەڵگەی کوردستان دوور نەکەوێتەوە، پێویستە حزبی کوردی چەند ڕێگا بگرێتە بەر:-

یەکەم: مۆدێلێکی نوێ پیادە بکات، کە لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگەو پێداویستی و خواستەکانی بگونجێ و حزب ببێتە بەدیهێنەری خواستەکانی تاك و مافی هاووڵاتیبوون بکاتە ئامرازێکی گرنگ بۆ

فەراهەمکردنی مافەکانی تاك. واتا دەبێ حزب لەفۆرمە تقلیدیەکەی دەرچێ و سەرلەنوێ فۆرمی تازە بداتەوە بەخۆیو خۆی پێناسە بکاتەوە.

دووەم: دەبێ حزب لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەدابێ، نەك لەسەر کۆمەڵگە خۆی بژێنێ، دەبێ ئەجێندای گەورەی لەبواری ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە پێ بێت.

لەبواری ژێرخاندا دەبێ بیر لەداهاتی فەردو خۆشگوزەرانی و فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی (گەنجان، لاوان، خوێندکاران، ژنان، کرێکاران و زەحمەتکێشان) بکاتەوە. دەبێ بواری ئابووری خێزانەکان چاك بکات. بیمەی بێکاری، سۆسیال، سندوقی خانەنشینی، مافی کارو کاری زیادەیان بۆدابین بکات. بەتایبەتی بۆ حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی کوردستان، کەهەڵگری ئەم ئایدیایەن لەئێستادا. ئەمە زۆر گرنگە لانی کەم بەشێك لەفۆرمی حزبیبوونی



خۆرئاوایی، یان مۆدێلی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپاو ئەسکەندەنافیا بۆ کوردستان کۆپی بکەن، نەك بەتەنها ناوەکەی. لەبواری سەرخاندا دەبێ لەسیستمی پەروەردەو رۆشنبیری تاکەکانەوە دەستپێبکات، دەبێ بەرنامەی رۆشنی هەبێ بۆ کۆمەڵگەو هەوڵبدات سیستمێکی حزبی یان حکومی سیکۆلار لەکۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستان بکاتە میتۆد. بێگومان ئەمە هەرچەندە قورسە لەکۆمەڵگەیەکی ئیسلامی وەك کوردستان، بەڵام دەبێتە دەستکەوتێکی گەورەو گرنگ بۆ ئەو حزبەی کەئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتویی ئەنجامدەدات. واتا ئەنارشیزم ناتوانێ حزب هەڵبوەشێنێتەوە، گەر خەسڵەتەکانی حزب لەوجودیدا هەبێت، بەڵام لەفەراغی نەبوونی ئەم خەسڵەت و ئەرکانەدا رەنگە ئەنارشیزم یەکێك بێ لەفاکتەرە کاریگەرەکان.

## ئایا مۆدێلی
## حزبی کوردی، مۆدێلێکی ستالینییە؟

بێگومان مودێلی حزبی کوردی، سەرتاو تاکۆتایی هەشتاکانیش مۆدێلێکی سۆڤیەتی، ستالینی بووە، چ وەکو ئایدۆلۆژیا چ وەکو هەرەمی کارکردن و رێکخستن و دیسپلین و هەڵسوکەوت. جگە لەوەی بەربلاوی تیۆری چەپ و ئایدیای مارکسیزم لەناو حزبی کوردیدا بەتایبەتی لەسەرەتای هەشتاکانەوە بەئاشکرا دیارە. تەنانەت بەبێ بیرکردنەوە لەوەی ئەو فۆرم و مۆدێلە لەگەڵ ژینگەو بیرکردنەوەی هاوولاتی کوردستاندا چەند دەتوانێ کاریگەربێ. بەو دەلیلەی کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەت لەو کاتەدا فیئوداڵ و سوننەتی



بوو یان مارکسیزم بۆ پیادەکردنی قورسبوو، بەلاّم بێگومان ئەوەی حزبی کوردی لەگەڵ ئەو تەشکیلاتەش کە لەو بارەیەوە توشی هات، گەورەترین خزمەتی بەکۆمەڵگە کردوە چ لەبواری هۆشیارکردنەوەی تاك و مافەکانی، چ لەبواری سیاسی و بەگژدا چونەوەی گەورەترین دیکتاتۆر و گەورەترین سیستەمی میلیتاریزەکراوی خۆرهەلاّتی ناوەراستدا. سەرەتای دەیەی هەشتاکان بۆ حزبی کوردی زێرینترین مێژووی حزبە لەکوردستانی باشوور، کەهەم کاری رێکخستنی کردو توانی جارێکی تر خەڵك لەدەوری حزب کۆبکاتەوە لەدەوراتێکدا کە حزبی کوردی چ وەکو ئایدیا، چ وەکو رێکخراو و رێکخستن توشی شکست و بێ ئامانجی بوو بوو (سەرەڕای خاڵە نێگەتیڤەکانی پێشوو باسمان کرد).

ئەم حزبە چەپ و مارکسیستانە بەهەڵگری فیکری چەپو مارکسیزم دیفاعیان لەچەمکی ناسیۆنالیزمو

نەتەوایەتیش کرد. واتا حزب هەم ڕێکخستنی کرد، هەم خزمەتی هەردوو چەمکی مارکسیزمو ناسیۆنالیزمی کرد، لەکاتێکدا زۆربەی پارتە چەپەکانی دەیەی هەشتاکان لایان وابوو کەدەبێ سۆسیالیزم بۆ هێزە چەپەکان و ناسیۆنالیزم بۆ هێزە ڕاست و نەتەوەییەکان جێبهێڵدرێ. بەڵام لەبەرئەوەی ستەمی نەتەوایەتی هێندە زۆر دیاربوو، ئەم هێزە چەپانە نەیانتوانی بەتەنها بچنە سەر ئەوفۆرم و مۆدێلەی کەیەکلاییکرایەوە. کێ نوێنەرایەتی مارکسیزم و کێ نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزم دەکات، بگرە حزبی کوردی لەشاخ یان حزبی چەپی کوردی لەشاخ، کەبێ وێنەیە لەهاوشێوەی وڵاتێکی وەك کوردستاندا. گەورەترین خزمەتی بەنەتەوەو نەتەوایەتی کردوە، گەورەترین ئەزموونی بێوێنەی بۆ خۆی تۆمارکرد، ئەگەرچی دواتر لەبەشێك لەو پرەنسیپانە لایدا. بێگومان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان. هێدی



هێدی ئەم مۆدێل و فۆرمە لەپاش گلاسنۆست و پرۆستریکای گۆرباچۆڤ و بڵاوبونەوەی خێرای چەمکی لیبرالیزم، دیموکراسی و پێویستی کۆمەڵگە. حزبی کوردی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات، بەڵام زۆر جدی نەبوو لەپراکتیزەبوونی مانیفێستی مۆدێلی حزبی مۆدێرن و خۆرئاوایی. بەهۆی کاریگەری ئایدۆلۆژیا، سیستمی فاشیستی بەعس و کلتوری بەعسیزمەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبوو.

# مۆدێلی حزبی
# خۆرئاوایی لەکوردستان

کارێکی ئاساییە یان باشە ئەگەر ئەم مۆدێلە کاری پێبکرێت. بەمەرجێك ئەقڵییەت و بونیادی کلتوری کۆمەڵگەو تاکی کوردیش گۆڕانی بەسەردابێت و لانیکەم سود لەو ئەزموونە وەرگرێ کەحزبی کۆمەڵگەی ئەوروپی پێیگەیشتوون. دڵنیام کەحزبی کوردی و ئەوروپی، سروشتی کێڵگەی سیاسی کوردستان و ئەوروپا جیاوازن. بەڵام گەر بمانەوێ لاسایی حزب و مۆدێلی حزبی خۆرئاوایی لەکوردستان کۆپی بکرێن، لانیکەم پێویستیمان بەچەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە.



یەکەم: حزبی کوردی دووربکەوێتەوە لەهەموو دۆگماتیزمێك لەکاری رێکخراوەییدا لەبواری ئایدۆلۆژیادا ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیدا بێنێت.

دووەم: پرۆسیسی دیموکراسیو بەدیموکراتیزەکردنی حزب، رێکخراوەکانو کۆمەڵگە بکاتە پرەنسیپوو ئەولەوێتی کارکردنی. بێگومان هەرگیز ناکرێت قسە لەسەر کۆپیکردن بکرێ، بەبێ پراکتیزەکردنی پرۆسەی دیموکراسی بەفیعلی. نەك تاکتیك، بەڵکو واقعیی نیە.

سێیەم: پراکتیزەکردنی عەدالەت، دادپەروەریی، مافو ئەرك لەناو حزبدا، لەسەر بناغەی لێهاتویی، توانا، پرۆژەو گەشەکردنی کۆمەڵگە، نەك ئەوەی لەکوردستان هەیە، لەسەر بنەمای ئیمتیازو خزمایەتی.

چوارەم: رێزگرتن لەئۆپۆزسیۆنو قبوڵکردنی وەك پارتو رێکخراو و دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتو لانەدان لەپرەنسیپەکانی نەتەوە، خزمەتی کۆمەڵگەو

بەهەمانشێوە ئۆپۆزسیۆنیش واقیعی مامەڵە بکات، لەگەڵ دەسەڵاتو حزبی دەسەڵاتو ماڤ کەمینە.

پێنجەم: رێزگرتن لەبنەماکانی ماڤی مرۆڤ و ئازادییە شەخسیەکان، ئازادی عەقیدەو بەیان، ئازادی میدیاو راگەیاندن، کاری (NGO) سەروەریی یاساو یەکسانبوونی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا وەك یەك.

شەشەم: ئەولەویەتی حزب لەکاتی پیادەکردنو کۆپیکردنی مۆدێلی خۆرئاوایی کار بکات لەسەر بنەبڕکردنی گەندەڵی، فەسادی ئیداریی. چاکسازی کۆمەڵایەتیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی. ئێستا دەبێ بگەڕێین بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ بەراوردکردنی ئەم دوو مۆدێلە کارێکی ئاسانە؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کەناکرێت، بەتایبەتی گەر ئەو شەش خاڵە پیادەبکرێ بۆ دروستکردنی ئەو مۆدێلە لەکوردستان، ململانێی سیکۆلاریزم و فەندەمێینتالیزم.



لەم بارەیەوە دەکرێت تورکیا بەنموونە وەرگرین ئەم هەوڵە لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا (کەمال ئاتاتورك) هەمانکاریکرد، بەکۆپیکردنی مۆدێلی حزبایەتی خۆرئاوایی لەتورکیاو تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوو، هەر بۆیە ئەو دەستکەوتە گەورانەی تورکیا لەبواری کاری حزبیو رێکخراوەییو پرنسیپی دیموکراسی کۆمەڵگە بەدەستهێناوە. کارکردن بوو لەسەر بەشێکی زۆری ئەو شەش خاڵەو هەر بۆیە لەپراکتیزەکردنی دیموکراسی لەکۆمەڵگەی تورکیادا زۆربەی وڵاتەکانی دراوسێی جێهێشتو گەشەیەکی بەرچاویکرد، بۆیە زۆرجار کەباس لەوڵاتانی دیموکراسی دەکرێ لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا لەپاڵ ئیسرائیل ناوی تورکیا وەکو دووەم دەوڵەتی دیموکراسی خۆرهەڵاتی ناوەراست ناو دەبرێ. ئێستا بۆ کورد زۆر گرنگە، هەم سود لەو ئەزموونەی (ئاتا تورك) وەرگرێ، هەم سوود لەو سۆز و عەشق و پەیوەندییە باشەی

خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە، دەسەڵات، حزبەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا وەرگرێ، بۆ کۆپیکردنی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا.

ئێمە چەندینجار ئەوەمان لەئەمەریکی و ئەوروپییەکان بیستوە، کەئەوان بەردەوام پشتیوانی لەهەرێمی کوردستان دەکەن. بەمەرجێ کورد پرەنسیپەکانی دیموکراسی، یاسا، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئازادی شەخسی، راگەیاندن و ماڤی ژنان پیادەبکات. کەواتا دەبێ حزبی کوردی، یان هەر حزبێکی کوردی بیەوێت ئەم مۆدێلە لەکوردستان دووپات بکاتەوە، دەبێ لانیکەم لەواقیعدا مل بدات بۆ ئەو شەش خاڵەو بەردەوامیش قوربانیبدات لەم پێناوەدا. کەرەنگە بێ لەمپەر نەبێ و دژایەتیش بکرێ، بەڵام رێگای سەرکەوتن هەر ئەمەیە. سەرەڕای ئەوەی دەبێ ئەو حزبەی دەیەوێت لەمبارەیەوە پێشەنگ و دەستپێشخەربێ دەبێ بەهیچ شێوەیەك



مساوەمە لەسەر سیستمی سیاسی سێکۆلار نەکات. چونکە لەکێڵگەیەکی سیاسی وەکو کوردستان کەبیەوێت کۆپی مۆدێلی حزبی خۆرئاوایی بکەی، ناکرێت قسە لەسەر مۆدێلێك لەحزبایەتی تقلیدیو سوننەتیو کۆنخوازو کۆنەپەرست بکەی، یان ناکرێ رێگا بدەی بزووتنەوەکانی فەندەمێینتالیزم. گەشە بکەن و کۆمەڵگە بخەنە بەردەم پاشەکشەی مەترسیدارو ترسناك.

بێگومان گەر هەر هێزێکی کۆنزەرڤاتیڤو فەندەمێینتالیزم. روو لەگەشەبێ و دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، نەك هەر ئەو شەش خاڵە پیادە ناکات و رێگا بەپرۆسیسی دیموکراسی نادات، بەڵکو رێك دێت مۆدێلی حزبایەتی سودان، سۆماڵ و ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان و مەلا عومەرمان بۆ کۆپی دەکات و دەیکاتە مەرجەعی سەرەکی خۆی و جێبەجێکردنی بەسەر کۆمەڵگەدا. خۆ نابێ چاوەڕێ بکەین لەکاتی رێگا دان و

گەشەی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی لەفەندەمێنتالیزم؛ مۆدێلی ئەسکەندەناڤی، فەرەنسی و کەندی بێنێنە کوردستان.

خۆناکرێ چاوەڕێی بکەین سکیۆیلاریزم بکرێتە مانیفێستی حزب، حکومەت، کۆمەڵگە، نەخێر، بەڵکو یەکەم و دوا ئامانجی ئەم گروپە مەترسیدارانە هەڵتکاندنی ڕەگ و ڕیشەکانی سیکۆیلاریزم و دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستاودەستکردنی دەسەڵات و گەشەکردنی یاساکانی مەدەنی، مۆدێرنە. بۆیە حزبە عەلمانی، سۆسیال دیموکراتو تاڕادەیەك ناسیۆنالیستە راستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، لەئێستادا ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە بۆ بونیادنانی حزبی مۆدێرنو دەربازبوون لەو دۆگمایی و چەقبەستویی، ریفۆرم و شێوازی حزبایەتیەی کەئێستا هەیە، لەهەمانکاتدا پراکتیزەکردنی مۆدێلی نوێی حزبی خۆرئاوایی و کارکردن لەسەر ئەو شەش



پرەنسیپەو هەنگاوی گەورەتر. دەبێ حزبی کوردی بگاتە قەناعەتێکی سەد لەسەد، کەهیچ ڕێگا چارەیەکیتر نیە بۆ سەرکەوتنو پێشخستنی مۆدێلێکی حزبایەتیو دەربازبوونی حزبو کۆمەڵگە لەو قەیرانو گرفتانەی هەیەتی یان لەداهاتوودا دەیبێت.

ئەویش سەرخستنی ئەزموونەکەیە بەرەو پیادەکردنی لیبراڵیزم، بنەماکانی دونیای لیبراڵیزم. بەم حاڵەوە ئۆتۆماتیکی سیستمی دیموکراسی گەشە دەکاتو بازاڕی ئازاد دەخولقێ، لەسیستمی کارتێل رزگاری دەبێ، سیستمی هەڵبژاردنو پەرلەمانی، شوێن بە پۆپۆلیزم و تاکڕەویی و میلتارێزم لێژدەکات و گەندەڵی ئیداریی و دارایی تێکدەشکێتو بەم شێوەیەش هەرێمی کوردستانو ڕێگاکانی بەردەم بە دەوڵەتبوونی لەبەردەمدا ئاسان دەبێو ئەو چەمكو مەبدەئانە، یارمەتیدەرێکی گەورەن بۆ رزگاربونی حزبو کۆمەڵگە لەقەیرانەکان.

كاتى خۆيشى فرانسيس فۆكۆياما رايگەياند (دواين دەرفەت لەبەردەم دونيادا، پيادەكردنى ليبراليزمە بۆ حەسانەوەى گشت مرۆڤايەتى، بەلاّم ئەو پێيوابوو ئەم مۆدێلە دەبێ لەژێر سايە و رێبەرايەتى ئەمەريكادا پيادە بكرێ). ئێستا ئيتر دەبێ بزانين حزبايەتى لەكوردستاندا، نەيتوانيوە بەشێكى زۆر لەو پرەنسيپە نوێيانە لەناوخۆيدا پراكتيزە بكات، يان دەبێت مل بدات بۆ دەركەوتنى ئەلتەرناتيڤى تازەو چاوەڕواننەكراو كەڕەنگە بەشێك لەو هێزە دەركەوتانە مەترسيبن لەسەر ئەو كەمە ديموكراسىو ئازادييەى كەهەيە، لەناوى بەرن و كۆمەلگە بگێڕنەوە بۆ سەركوت، ستەم و داپلۆسين، قەدغەكردنى ئازادييەكانو ماف و پرۆسسيى ديموكراسى.



## ئەلّتەرناتيڤى حزب چيە؟

هەر گروپ و لايەنێكى تر بەناوى حزب لەكوردستان كار بكات، بەهەمان مۆدێلى حزبى ئێستاى كوردى بێ و بەبێ لەبەرچاوگرتنى فۆرمى تازەى حزب و پرەنسيپى تازە ناتوانێ بۆ نموونە لەيەكێتى و پارتى باشتربێ؟! بێگومان يەكێتى و پارتى وەكو دوو حزبى گەورەى كوردستان رۆلّيان هەبووە لەبەدەستهێنانى بەشێك لەو دەستكەوت و ئەزموون و ئازاديەدا. بەلاّم بەهەمانشێوە دەبێ ئەوەش قبولّ بكەن، كەئەوان فاكتەرى بەشێك لەو شكستەبن كەحزب و مۆدێلى حزبايەتى لەكوردستان بەخۆيەوە بينيوە، چ وەكو ئايدۆلۆژيا، چ وەكو رێكخستن و مانيفێستى كاركردن.

ئەم حزبانە لەدەسەڵاتدا بوون بەدرێژایی بیست ساڵی رابردوو خۆ دەیانتوانی ئەو ناعەدالەتی و نادادپەروەریە کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و فەسادەی هەیە چاکی بکەن و لەناوی بەرن. خۆ دەیانتوانی سیستمی سیاسی سیکۆلار، بکەنە مۆدێلێکی سیستمی حکوم، نەك جاروبار لەناو پەرلەماندا مجامەلەی گروپە ئیسلامیەکان بکەن، بۆ نموونە لەیاسای خەتەنەکردنی مێنە، یان یاسای رۆژنامەگەری، کەئەم حاڵەتانە مەترسیدارە گەر بۆ مجامەلەش بێ، چونکە ئەرکی ئەوان بوو هەم کار بۆ سەپاندنی سیستمی سیکۆلار بکەن، هەم دژایەتی ئیسلامی سیاسی بکەن، بەڵام ئەوان زۆرجار مجاملەی زیاد لەپێویستیان کردون. خۆ دەیانتوانی دەست لەو فۆرمە حزبایەتیە هەلگرن کەهەر کوچەو کۆڵانێك دونیایەك بارەگای لێبکەنەوەو خەرجیەکی زۆر بکەدەن و لەشوێنی ئەوان رێکخراوی (NGO) بکەنەوە بۆ مۆدیرنیزەکردنی



کۆمەڵگە، کەهێشتا لانیکەم لەکوردستاندا لەهەر دەکەسێك چوار کەس نەخوێندەوارن. دەکرا پرۆسسیی دیموکراسی، مافە مەدەنیەکان، ئازادی راگەیاندن، عەقیدەو بەیان، تقویە بکەن و هیچ کات بەمەترسی نەزانن. بۆیە چاوکردنی هەر رێکخراوێکی تازە لەم جۆرە لەمۆدێلی حزبی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، جگە لەناکامی ئاکامێکی تری نابێت و ناتوانێ لەو مۆدێلەی حزبی کوردی باشتربێ خۆدیارە حزبەکانی تری دەرەوەی یەکێتی و پارتیش، نەك هەر باشتر نەبوون، بگرە کۆپییەکی بچوکی ئەوان بوون و بۆیەك ساتیش ئەوانیان تێنەپەڕاندوە.

کەواتا دروستکردنی هەر رێکخراوێکی سیاسی بەم مۆدیلەو ئیشکردنی کەدەیەوێت شتێکی جیاوازتر بێ، جگە لەچەواشەکاری و راکێشانی سۆزی هاووڵاتیان، بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات شتێکی ترنیە و ئەنجام ناتوانێ ببێتە رەوتێکی جەماوەری و مۆدێرن هەر مەگەر

دووبارەکردنەوەی ئەو سیناریۆیە بێ، کە هیتلەر کردی و ئاکامەکەی قەتڵ و عام و دیکتاتۆریەکی رەهاو بێ بەزەیی لێ کەوتەوەو جیهانی توشی کارەساتو ئەڵمانیاشی توشی دۆڕان و کاولبوون کردو (نازیزمی) بەرهەمهێنا یان لەئیتاڵیا (فاشیزمی) بەرهەمهێنا. بێگومان پێچەوانەکەشی راستە، گەر حزبی کوردی و رێکخراوی نوێ بتوانن سودی لێ وەرگرن. ئەویش ئەو مۆدێلەیە کەوڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیا، یۆگسلافیا، رۆمانیا، بولگاریا، وڵاتانی بەلتیك، کافکاس و یەکێتی سۆفیەتی پێشوو پراکتیزەیان کرد. ئەویش دروستکردنی حزبی نوێ بوو، کەپشتی بەمۆدێلی نوێی حزبی خۆرئاوایی بەست، ئایدۆلۆژیا، فۆرمی حزبی، رێکخست، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سیستمی ئابووری و دەسەڵاتیان لەسیستمێکی سۆسیالیستەوە گۆڕی بۆ سیستمی سیاسی دیموکراسی و لیبڕال، لەبواری ئابووریدا، بازاڕی ئازاد شوێنی بازاڕی دەوڵەتی گرتەوە، لەبواری ئازادی سیاسی



و راگەیاندن چاویان لەمۆدێلی حزب خۆرئاوایی کرد. هەر بۆیە دروستکردنی حزب و رێکخراوی نوێ لەو وڵاتانە بەدەیان دەستکەوتی گەورەی لێکەوتەوە لەبابەتی دروستبوونی زیاتر لەپانزە دەوڵەتی نوێ لەیەکێتی سۆڤیەت و دوو وڵاتی تازەی چیك و سلۆڤاك، شەش دەوڵەتی نوێ لەیۆگسلاڤیا، بەرهەمهێنانی ئازادی و پرسی دیموکراسی و بازاڕی ئازادو میدیای ئازادو کرانەوە. کەبێگومان حزب پێشەوایەتی ئەم پێشکەوتنو دەستکەوتانەی کردو پشتی لەسانسۆرو میلیتاریستو دیکتاتۆریەت کرد. خۆ دەکرێت حزبی نوێی کوردیش، یان نوێببنەوەو چاو. لەم سیناریۆیانە بکەنو رەفاهو دەبێ حزبی نوێ، ریفاه و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك دابین بکەن، بزانن مۆدێلی نوێی حزبی لەدونیادا چی کردوە، ئەوە بکەن.

## گرفتەکانی حزبی کوردی چین؟

سامۆئیل هانتگنتۆن خاوەنی تێزی (پێکدادانی شارستانیتەکان) لەبارەی حزبەوە پێیوایە (حزبە سیاسیەکان و سیستمی حزبایەتی، هۆکاری دامەزراوەیی سەرەکین بۆ رێکخستن و بەشداری سیاسی بەرفراوانی هاوولاتیان).

لینین پێی وایە (حزب دەتوانێ رۆڵی گەورە بگێڕێ لەکۆمەڵگەدا).

مادام بەپێی ئەم پێوەرانەبێ، کەواتا حزب رۆڵی گرنگ دەگێڕێ لەسیستمی سیاسی کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی رۆڵی حزبی کوردی دەکرێت بڵێم حزبی کوردی سەرەڕای فۆرمی



بەرگریکارانەی شاخ، رۆڵ و دەوری مێژوویی، شۆڕشگێڕانەی ئەو، لەئێستادا نەیتوانیوە خۆی لەفۆرمی سوننەتی حزبی خۆرهەڵاتی دەربازبکات چ لەئایدۆلۆژیا چ لەڕێکخستن و شێوازی دەسەڵات، سیستمی سیاسی، بازاڕی ئازاد، پرۆسیسی دیموکراسی ئازادییەکان.

یان چەند گرفتی تری حزبی کوردی. لەبابەتی کەمبوونەوەی ئەندام و لایەنگرانو رێکخستنەکانی حزب، دووبارەبوونەوەی بەرنامەو پەیڕەو و پڕۆگرام و لێکچوونی هەموو حزبە کوردییەکانە، بۆ نموونە گەر پەیڕەو و پڕۆگرامی حزبی کوردی ناو و بەرگی حزبەکەی لێ بکەیتەوە، هەست ناکەیت کامیان هی کام حزبە،چونکە هەموویان لەیەك دەچنو کۆپی ئەوی ترن، نەگۆڕینو نوێ نەکردنەوەی سکرتێرو مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی ئەم حزبانە بۆ چەند دەیە، ئەمەش واتا کار ناکرێ بەسیستمی هەڵبژاردنو دەستاو

دەستكردنی دەسەڵاتو ئەمەش مەترسی دروستبوونی جۆرێك لەپاشەكشەی دیموكراسی لێ دەكرێتو مەترسیدارە.

ئێستا گەر لەسەر خاڵێك بوەستین و سەیر بكەین لەهەڵبژاردنی تەمموزی (٢٠٠٩)دا هەردوو حزبە گەورەكە یەكێتی و پارتی توشی پاشەكشە بوون، بۆچی؟ بێگومان هۆكارەكەی بوونی گرفتی زۆرو زەوەندە لەكاری حزبیو رێكخراوەییدا كەتوشی قەیران هاتووەو نەیتوانیوە بگەڕێ بەدوای نوێكردنەوەی فكری خۆی، فكرێك كەواقیعی بێ لەگەڵ ئەندامو لایەنگرانو كۆمەڵگەدا.

فكرێك لەزەمینی واقیعدا بگونجێ، ئەمەش وا دەكات حزب پاشەكشە بكات و جێگەی متمانەی هاووڵاتی نەمێنێت.

كەواتا دەبێ حزبی كوردی ئایدیاو پەیڕەو و پرۆگرامو بەرنامەو تەنانەت سكرتێرو مەكتەبی



سیاسیو كادرەكانیش نوێ بكاتەوە، نابێ حزبی كوردی رێگا بدات حزب مۆنۆپۆڵی بازاڕ بكات لەژێر ناوی بازاڕی ئازادا، ببێتە حوت و كارتێل لەژێر ناوی حزبی سۆسیالیست، سۆسیال دیموكراتو ناسیۆنالیست، بێگومان ئەمانە حزب دەكاتە كۆمپانیا، نەك رێكخراوی سیاسی.

دەبێ حزبی كوردی دەست لەكارێكی مەترسیدار هەڵگرێ، كەسیستمە سیاسیە شمولیەكان پیادەی دەكەن، ئەوەش وابەستە بوونی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیە بەحزبەوە ئەمە زەرەری گەورە لەهەیبەتو رەهەندەكانی دیموكراسی و ئازادییەكان دەدات، دەبێ ئەم رێكخراوانە خۆیان ئازادبنو قسە لەسەر كۆی سیستمی سیاسی هەرێم بكەن.

# حزبی
# دەسەڵاتو حزبی ئۆپۆزسیۆن

دەبێ حزبەکان یەکتری بەڕەسمی بناسن‌و هەردوولا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن یەکتری قبوڵبکەن‌و نابێ پەنابەرن بۆ شەڕی ڕاگەیاندن و ئابووری و شەڕی چەکداری، دەبێ حزبی کوردی خۆی ساغ بکاتەوە، چ سیستەمێکی سیاسی دەوێ و رایبگەیەنێ، ئیسلامی، عەلمانی، نەتەوەیی، مارکسیست، نەك بەپێی ڕۆژ بانگەشەی ئەم ئایدیانە بکات.

دەبێ لیبراڵیزم بکاتە ئامانجی گەشەکردنی حزب، کۆمەڵگەو تاکەکانی لەسەر گرنگی ئەم چەمکە هۆشیار بکاتەوە.



دەبێ دژایەتی گەندەڵی و فەساد بکات نەك بەرپرس‌و کادرەکانی ببنە بەشێك لەگەندەڵی و ناشیرینکردنی حزب و دەسەڵات.

دەبێ حزب پێشەنگی چەسپاندنی عەدالەت، دادپەروەری، بەدوربێ لەدەستتێوەردانی کاروباری دادگاکان، یاسا سەروەربێ و بۆ هەمووان بێ نەك تەنها بۆ خەڵکی هەژار بێ، دەبێ حزبی کوردی باوەڕ بێنێ بەسیستمی پەرلەمان، هەڵبژاردنی شەفاف، پاك و دوور لەساختەیی و بڕوا بەسیستمی زۆرینەو کەمینە بهێنێت.

دەبێ بۆ گەشەکردنی دیموکراسی و مۆدێلی نوێی حزبی، حزبی کوردی واز لەهاوپەیمانی ئیئتلافی بێنێت لەژێر ناوی جۆراوجۆردا، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەیکات واتا دەبێ سنورەکانی پانتایی ئازادی سیاسی‌و پرۆسەی هەڵبژاردنی تاك حزبی پەرەی پێ بدرێت.

دەبێ حزب دەست هەلگرێ لە نەسیحەتکردنی حکومەت و دەستوەردان لەکاروباری وەزارەتەکان.

بەڵام گرنگترین شت، پیادەی دیموکراسی بکات ئەگەر مەترسی لەسەر حزبیش هەبێ، جگە لەمەش ئایدۆلۆژیای نوێ بهێنێتە کایەوە، حزب بێ بەداینەمۆی پێکهاتی ئاڵوگۆڕ لەکۆمەڵگەدا، نەك خەڵك حزب بە بەشێکی ناجۆر سەیر بکەن.

حزبی کوردی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە، کە دەبێ یان خۆی بگۆڕێ یان بگۆڕدرێت.



## فاکتەرەکانی پاشەکشەی حزبی

مێژووی حزبە سیاسیەکانی دونیا، رەنگە ئەزموونێکی زۆر باش بێت کە ی.ن.ك بتوانێت سودی لێ وەربگرێت.

لەمێژووی سیاسی وڵاتێکی وەکو تورکیای نوێ، بەهۆی چەند هەڵەی سیاسیەوە حزبەکەی ئاتاتورك ئێستا لەپەرلەمان ژمارەیەکی گەورە نیە، کە بونیادنەری تورکیای نوێیە، بە پێچەوانەوە حزبێکی ئیسلامی میانڕەو، کە لەگەڵ مانیفێستی سیکۆلاریزم ناتەبایە بۆتە پێشەنگ!

لەوڵاتی هندستان، حزبەکەی غاندی لە پاشەکشەدایە.

لەئێران حزبی تودەو چریکە فیدائیەکان. کە دوو حزبی گەورەی خاوەن جەماوەر بوون، ئێستا تەنها خاوەنی دوو سایتی ئینتەرنێتن لە تاراوگە.

ئەم نموونانە بۆ؟ مەبەستمە بڵێم مێژووی حزبی ناوچەکە بەدەر لەچەند جیاوازی سەبارەت بە مەسەلەکانی نەتەوەیی، ئیدیۆلۆژی، بابەتی، مێژوویی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین ی.ن.ك لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە حزبی پێشڕەوو بێ رکبەری گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی باشور بووە، بگرە هاوکارو یاریدەدەری حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان بووە.

بەڵام ئێستا نەك حزبی بێ رکابەر نیە. بەڵکە توشی کۆمەڵێك کێشەو قەیران بووە کە پێویستی بەوەیە سەدان پسپۆڕ دەستبکەن بە لێکۆڵینەوە لەفاکتەرەکانی



پاشەکشەو قەیرانەکانی ناو ئەم حزبە مۆدێرن و پێشکەوتنخوازە.

دەبێ یەکێتی دان بنێت بە هەڵەکاندا، دەستنیشانیان بکات و ئەلتەرناتیفیشیان بۆ بدۆزێتەوە ئێستا واقیعیە کەقەیران هەیە، پاشەکشە هەیە، بەڵام چۆن ئەم حزبە دەبێتەوە بەپێشەنگی جەماوەری؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە، هێندەی بۆ من و خەڵکانی حزبی تر گرنگە. دەبێ ئەوەندەش بۆ کۆمەڵگەی کوردیو هاووڵاتیان گرنگ بێت؟

بۆ؟ چونکە زادەی واقیعیەتی درووستبوونی یەکێتی، خۆشەویستی خەڵکی گوندەکانو شارەکان بووە بۆیو هەر ئەوانیش پشتیوانیان لێکرد.

بۆیە سەرەڕای ئەوەی گلەیی ئەم خەڵکانەی گوندو شار لەحزبەکەیان هەقیقەتە، بەڵام دیسان هەر بۆ ئەوان گرنگ و زەروریە.!

دەبێ ئەم پێداچوونەوەیە (کە بەبۆچوونی من خاڵی وەرچەرخان بێت بۆ بەهێزبوونەوەی یەکێتی و پێداچوونەوە بەفاکتەرە نێگەتیڤەکان، دیارە پێچەوانەکەشی راستەو دەکرێت بیکاتە حزبێکی بێ هێزتر).

پێش هەمووشت یەکێتی دەبێ وەڵام بەم پرسیارانە بداتەوە:-

-بۆچی خێزانێك کە کوڕێك و دووانی شەهید بووە بۆ ئەم حزبە لەڕۆژانی سەختدا. ئێستا دەبێ گلەیی هەبێت، تەنانەت دەنگی پێ نەداو لەگەڵیدا نەبێت؟

-بۆچی پێشمەرگەیەك، کەزۆربەی جوانی خۆی لەگەڵ ئەم حزبە خەرجکردوە ئێستا ئامادە نەبێت داکۆکی لێ بکات؟ کە یەکێتی داینەمۆی ئایدیای فیکری چەپ، نوێخوازی و ئازادی راگەیاندن و عەقیدەو بەیان، ئازادی ژنان و کۆمەڵگە، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت. ئێستا لەلایەن ژنان، رۆژنامەنووسان، کرێکاران و



روناکبیرانەوە. رەخنەی ئەوەی لێبگیرێت کەبەرامبەر بەو مەبدئانە وەفادار نەماوە؟ وەکو پێویست؟

# پێشەنگی بزووتنەوەی چەپ

- بۆچی کەپێشەنگی بزووتنەوەی چەپی، شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی. ناوەڕاستی حەفتاکانی کرد؟ بۆچی کە پێشەنگی بزووتنەوەیەکی چەکداری ژنان و پیاوانی ساڵانی هەشتاکان بوو لەسەر ئەو ئامانجانە سور نیە؟
- بۆچی کە پێشەنگی بونیادنانی رادیۆ، تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی راگەیاندنی شاخ و سەرەتای راپەڕین بوو نەیتوانی هەر پێشەنگ بێت؟
- بۆچی کە خاوەنی یەکەمین تەلەفزیۆن و یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردیو یەکەمین کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردییە جاروبار لەلایەن هەندێ لایەنی ترەوە مزایدەی بەسەرەوە دەکرێت؟



- بۆچی کە یەکەمین هێزی سیاسی و چەکداری راپەڕینە لە بەهاری (١٩٩١) زۆربەی کوردستان رزگار دەکات نەیتوانی وەك پێویست کەڵك لەم سەروەریە وەربگرێ؟
- بۆچی کەزۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان دەنگی پێدەدەن و لەدەوری کۆدەبنەوە؟
- بۆچی کەخاوەنی فیکرەی ئۆپۆزسیۆن و ریفراندۆمو ریفۆرمو چاکسازیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی فەرهەنگی لەکوردستاندا؟
- بۆچی کەخاوەنی سەرمایەیەکی ئینسانی گەورەی روناکبیران، رۆشنبیران، نووسەران و رۆژنامەنووسانە؟
- بۆچی کەخاوەنی فیکری پشتیوانی لەشۆڕشو خەباتی پارچەکانی ترە؟
- بۆچی کە پێشەنگ و پشتیوانی ئازادی راگەیاندن، میدیای ئەهلیو ئازادە لەدوای راپەڕین لەژێر دەسەڵاتو ناوچەی خۆیدا؟

- بۆچی؟ بۆچی؟

بۆچی کەخاوەنی ئەم هەموو دەستکەوتە مێژوویی، سیاسی، ڕاگەیاندنەیە، بۆچی، پاشەکشەی کردوەو ئەو هەموو سەروەریانەی نەپاراستوە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی لۆژیکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات؟

بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارانە هەرچەندە سادەیە، بەڵام فرە ڕەهەندە مانا و مەغزای سیاسی گەورەی هەیە کە:-

یەکەم؛ دەبێ سەرکردایەتیەکەی قبوڵی بکات کە مامەڵەی واقیعی نەکردوە لەگەڵ ئەم پرسانە، کەدەبوو زۆر بەوردی و بەبەرنامە کاری لەسەر بکردایە.

ئاخر هیچ حزبێکی کوردی، بەتایبەتی لەکوردستانی عێراق. خاوەنی ئەو هەموو دەستکەوت، پێشەنگ و سەرمایە سیاسیە، ئینسانیە نیە کە(ی.ن.ك) هەیەتی. ئاخر هیچ حزبێك لەکوردستان هێندە سەرکەوتوو،



پێشەنگ نەبووە لەخەباتی شاخو خەباتی چەکدارانە داو لەخەباتی مەدەنیو مۆدێرنی شاردا.

کەواتا دەبێ هەر سەرکرایەتی یەکێتی وەڵام بەم پرسیارانە بداتەوەو دان بەشکستەکاندا بنێتو ڕێگاچارەی شیاو دابنێتو ئەو هەنگاوانە پیادە بکات کە وەڵام بەم (بۆچی)یانە دەداتەوە.

خۆ ئیعتراف بە هەڵەکردن، ناشازنیەو بگرە دەکرێت بەشێك بێت لەئازایەتیو هەڵسانەوە.

## سەرمایەی
## ئینسانیو سیاسیو مێژوویی؟

رەنگە وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە هەنگاوێکی گرنگ بێت بۆ سەرکەوتنی ی.ن.ك.

دووەم خاڵ کە وەڵامە بۆ ئەو بۆچیانە، ئەوەیە کە ی.ن.ك وەفادار نەبوە بەرامبەر ئەو هەموو پێشەنگو داهێنانو سەروەریانە کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. چۆن حزب و سازمانێك بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەیەوێت سەروەری، پێشەنگ، قوربانیدان، داهێنان، نوێخوازی، خزمەتگوزاری، ئازادی سیاسیو راگەیاندن بەدیبهێنێتو بتوانێ هەر لەو رێگایەوە خزمەتی پێ بکاتو ببێتە حزبی جەماوەر.



بێگومان ی.ن.ك ئەم هەنگاوانەی زۆر ناوە، ئەم دەستپێشکەریانەی زۆر کردوەو هەر ئەم هەوڵانەش (ی.ن.ك)ی کردوە بەحزبی جەماوەری.

بەڵام قسە ئەوەیە ئەم حزبەو سەرکردایەتیەکەی لەسەر ئەم دەستکەوتانە خەوت و وەکو پێویست نەیتوانی بیانپارێزێتو خاڵ خاڵ کاریان لەسەر بکات، ی.ن.ك وایدەزانی ئەو دەستکەوتانە بۆ مێژووی ئێستاو ئایندەش وەکو سەرمایە دەمێنێتەوە.

بێگومان ئەمە کاتێك راستە کەبتوانی ئەم سەرمایە سیاسی، ئینسانی و مێژوویانە ئیدامە بدەیو کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەم سەرکەوتن و پێشەنگیە (کەمەبەستم کادر، پێشمەرگە، خەڵکی گوندو شار، هاووڵاتی، خێزان و خانەوادەی پێشمەرگەو شەهیدان) هەم بەرگری لەم دەستکەوتانە. بکەنو هەم داکۆکی لێ بکەن و ئامادەبن پشتیوانی بەردەوامی لێ بکەن و قوربانی بەردەوامی بۆ بدەن.

گەر پرسیار بکەین، ئەم کارەکتەرانە ئێستا وان، بێگومان هەموویان وانین؟ بۆ؟ ئەمە پرسیارە گرنگەکەیە کە ی.ن.ك نەیتوانیوە ئەم سەرمایەیە بپارێزێت، نەیتوانیوە کاری لەسەر بکات و وەکو پرۆژەی بەردەوام خزمەتی بکات.

ئێستا یەکێتی دەتوانێ ئەمەش بکاتە خاڵێکی گرنگی ئەجێندای کارەکانی. بەوەی کەبەشێك لەو سەرمایە مێژوویەی لەدەستچووە جارێکیتر بەدەسیبێنێتەوە بەوەی کەهەم وەفاداربێت بەرامبەر ئەو سەروەریانە، هەم خێزان و خانەوادەو کارەکتەرەکان ئەم سەرمایە ئاشت بکاتەوە و خزمەتیان بکات و لەنزیکەوە گوێیان لێبگرێت.

چۆن؟

بۆ نموونە گەر دەیەوێت خزمەتی باشتری خێزان و خانەوادەی شەهیدان بکات؟



دەبێت دەزگای شەهیدانی حزب بەمۆدێلێکی نوێ دروستبکاتەوە. کەشەهیدەکانی هەرکامیان دۆسیەی تایبەتی بۆ بکرێتەوە.

دەبێ کوڕو کچی ئەم خانەودانە لەکوردستان بە زۆر بخرێنە ناو خوێندن و لە زانکۆ هاوکاری بەردەوامیان بکەن و بۆ ماستەر، دکتۆراو خەرجیان بکات. بەڵام دەبێ دواجار ئەم منداڵانەی ئەم خانەوادانە بەردەوام وەکو کارەکتەری سەرەکی سەیر بکات، نەك رێگا بدات دواترو پاش هاوکاریکردنیان حزب جێیهێڵن.

دەبێ سەفەرو سەردانی وڵاتانیان بۆ سازبکات، دەبێ خزمەتگوزاری بهداشتیان لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ دابین بکات.

دەبێ ئەم دەزگایە سەنتەری منداڵان، لاوان لە بوارەکانی مۆسیقا، شانۆ، کۆمپیوتەر.. بکاتەوە بۆیان، دەبێ هەر لەرێگای ئەم دەزگایەوەو لەرێگای پۆستەوە نامەی رۆژانەیان بۆ بچێتو رۆژنامەو گۆڤارەکانیان بۆ

بنێرێتە ماڵەوەو سکاڵاکانیان لێ وەربگرێت و بە پیر کێشەو داخوازیەکانیانەوە بچێت.

دەبێ ساڵانە خەڵاتی منالْ و خانەوادەکانیان بکات و مەراسیمی تایبەتیان بۆ ڕێکبخات.

دەبێ لەناو کۆمەڵگەدا بەئاسانی بناسرێنەوە کەئەمانە سەرمایەی ی.ن.ك و تائەوانیش هەمیشە هەستبکەن کە فەرامۆش نەکراون و هەستیش بکەن کەئەوانیش دەبێ داکۆکی لەحزبەکەیان بکەن.

گەر بوترێت ئەمانە کراون راستە بەڵام بە بەرنامە نەبوەو ئیدامە نەبوە.

واتا ئەوە وەکو یەکێك لەسەرمایە گەورەکانی یەکێتیم باسکرد. کە ناکرێ و نابێ بەهەر شێوەو لەژێر هەر بیانویەکدابێ. ڕێگا بدرێ ئەم سەرمایە گەورەیە. لەیەکێتی دورکەوێتەوەو لایەنێکی تر بیکاتە سەرمایەی خۆی.



بێگومان ئەم فۆرم و بۆچوونە، بۆ پێشمەرگە دێرینەکان، کەم ئەندامان، زیندانیانی سیاسی، خوێندکاران و لاوان. راستە کە پێویستی بەوەیە بەئەجێنداو بەرنامەی نوێ و کردنەوەی مەکتەب و دەزگای تایبەت و مۆدێرن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و ڕێکبخرێتەوە (مەبەستم لەشەهیدان و بنەماڵەکانیان وەکو نموونە بوو ئەگەرنا بۆ هەموو چین و توێژەکانی تر دەبێ وابکات).

چونکە ئەمانە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی (ی.ن.ك)ن ئەمانە سەرمایە ئەسڵی و سەرەکیەکانی یەکێتین. کە ڕەنگە ئەمانە ڕەنگدانەوەی گەورەیان هەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە.

# رابردووی حزبی سیاسی، هەمیشە سەرمایە نیە

سێیەم: خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ی.ن.ك بۆ داهاتووی خۆیشی و هەمووشمان بیکاتە دۆسیەی گرنگ ئەوەیە.

کەنابێت بەردەوام کار لەسەر ئەو فەلسەفەیە بکات. کە پێیوایە یان زۆر لەحزبی کوردی پێیانوایە دەکرێت لەسەر دەسکەوت، خەبات و سەرمایەی شاخ بژین.

ئەمە یەکێکە لەخەتەرترین ئەو بیرکردنەوانەی کەحزبی کوردی گرتۆتەوە.

بە ی.ن.ك یشەوە دیارە یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی پاشەکشەی (حزبەکەی ئاتا تورك، گاندی،... حزبی



تودەو چریکە فیدانیەکانیش) هەر ئەوەیە کە لەسەر مێژوو، سەرمایەیەی رابردوویان دەژیان.

واتا نابێت چیتر ی.ن.ك لەسەر ئەو سەرمایە، بە ئەو خەبات و قوربانیدانەی پێشوو بەتەنها بژی، راستە ئەوانە دەکرێت یەکێك بن لەشانازی، سەروەری، دەستکەوتەکان و کاریان لەسەر بکرێت، بەڵام گەر بیکەیتە تاکە سەرمایە بێگومان روبەڕووی شکست دەبێتەوە.

بەڵکو دەکرێت چۆن ئەم حزبە لە رێکخراوێکی چەپی مارکسیستەوە بەرنامەو ئایدیای خۆی گۆڕیوە بۆ سۆسیال دیموکرات.

دەکرێت شێوازی رێکخستنەکانیشی بگۆڕێ بۆ فۆرمی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپی.

دەکرێت بەردەوام و بێ سڵەمینەوە لەپێشی پێشی ئەو هێزانەوە بێت کە داکۆکی لەئایدیای چەپ، پێشکەوتنخواز، ئازادی راگەیاندن و کۆمەڵگەی

سيكيۆلار بكات، واتا ئەم خاڵە گرنگە كە ناكرێت حزبێكى مێژوويى و خاوەن جەماوەرو مۆدێرن بەردەوام بير لەوە بكاتەوە لەسەر سەرمايەى رابردووى بژى.

فاكتەرى جياواز جياوازو زۆر هەن. بۆ ئەوەى كە ى.ن.ك سەركەوتوبێ، بەلام ئەوە رەنگە پێويستى بەلێكۆڵينەوەى زۆرترو وردتر هەبێت من نامەوێت بچمە سەر ئەو خاڵانەى كە پێيانوايە كوتلەو كوتلەكارى فاكتەرى ئەساسيە

بۆيە لەهەر حاڵداو بۆ سەركەوتنى ى.ن.ك دەبێت وەكو حزبێكى نوێ و مۆدێرن پێداچوونەوە بە هەيكەلى حزبىو رێكخراوەييدا بكاتو سەرلەنوێ دارِشتنەوەى بۆ بكات.



## پێشكەشكردنى فۆرمێكى جياواز

- ى.ن.ك دەبێ فۆرمێكى جياوازتر لەحزبەكانى كوردستان پێشكەش بكات كەجێگەى سەرنجى خەڵكى كوردستان بێت.

- ى.ن.ك دەبێ وەكو پێشوو خۆى بكاتە داكۆكيكارى سەرسەختى ئازادى سياسى، ئازادى راگەياندنو رێكخراوەى كۆمەڵى مەدەنى.

دەبێت پشتيوانى لەميدياى ئەهلى و ئازادو رۆژنامەگەرى بكات كە ئێستا رۆڵێكى گرنگى لەژيانى كۆمەڵگەى كوردستان هەيە.

- ى.ن.ك دەبێت هەوڵبدات هەموو گروپە چەپو سۆسياليستو ليبراڵەكان. هەموو ئەو حزبانە لەدەورى خۆى كۆبكاتەوە يان بيانهێنێتە ناو خۆيەوە، وەكو

نوێنەری بزووتنەوەی سۆسیالیست، چەپ و سۆسیال دیموکراتی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەگەرچی رەنگە ئەم حزبو رێکخراوانە بچووكو کەم جەماوەر بن، بەڵام دەبێتە هۆی ناسینەوەی ئەم حزبە کەنوێنەرایەتی باڵی چەپ، سۆسیالیست، نەتەوەییو پێشکەوتوخوازی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.

- ی. ن. ك دەبێت کەناڵی جۆراوجۆری راگەیاندن بکاتەوە، کە ئازادو سەربەخۆبن لەکارکردنداو پشتیوانیان لێ بکات، بەڵام دەبێ ئاماژەبن بۆ خواستی خەڵكو نووسەرانو رۆژنامەنووسانو روناکبیران.

- ی.ن.ك دەبێت روناکبیرانی ناوخۆییو دەرەوەی حزبیش بەموڵکی خۆی بزانێت کەئەوانیش نوێنەرایەتی نوخبەی کۆمەڵگە دەکەنو دەبێت لەڕێگای ئەنجومەنێکی روناکبیرانەوە رێکبخرێن.



- ی.ن.ك دەبێت داکۆکی لەسیستمی هەڵبژاردن، پەرلەمانی، سیستمی عەلمانی و سیکۆلاریزم بکات. رێگانەدات هەڵبژاردنی پەرلەمان، شارەوانی و حزبی لە کاتی خۆی دوا بکەوێت.

چونکە هەمیشە حزبە مۆدێرنەکان دەبێ کار لەسەر راهێنان و بەردەوامی هەڵبژاردن لەنێو کۆمەڵگەدا بکەن بەوپێیەی گەشەی پرۆسەی دیموکراسی دەتوانێ مافەکانی ئەوان دابینبکاتو ئاشنایان بکات بەگرنگی ئەم پرۆسەیەو ئەمەش رێك پێچەوانەی هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکانە کە دەیانەوێت کۆمەڵگە لە حاڵەتی راوەستاندابێتو پرۆسەی دیموکراسی پاشەکشە بکات.

- ی.ن.ك دەبێت داکۆکیکاری یەکەمی پرۆسەی دیموکراسی بێت لە کوردستاندا کە گرنگترین دەسکەوتی گەورەی دوای شۆڕشی چەکداری شاخە گەر لە ئێستاشدا ئاکامی گەورەی نەبێت لە داهاتوودا ی.ن.ك دەتوانی بیکاتە گەورەترین سەرمایەی خۆی.

واتا ئەوەش راستە چۆن حزب قابیلی پاشەکشەیە. بەهەمان شێوە قابیلی گەشەکردنیشە. ئەگەرچی رووبەروی قەیرانو کێشەو گرفتیش بوبێتەوە.

بەڵام گرنگ ئەوەیە ی.ن.ك مۆدێلێکی حزبی نوێ پێشەکەش بکات کە ئاستەنگو گرفتو ئەڵتەرناتیڤەکانیش دەستنیشان بکات. دەبێ بڕیاری جدی بدرێت لەم بارەیەوە.

جا ئایە لەپەیوەندی حزب و حکومەتە لە هەیکەلەو فۆرمی کارکردنی رێکخستنە لە راگەیاندنو روناکبیریو مەکتەبو رێکخراوەکانیدایە لەبوونی گەندەڵیو فەسادی داراییە. یان نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو نایەکسانیە. یان گرفتو قەیرانی کۆمەڵگەو گرفتەکانی نێوان کۆمەڵگەو دیموکراسییە.

دەبێ ی.ن.ك وردتر لە (حزب، کۆمەڵگە، حکومەت، تاك) تێبگات. دەبێ هەرکام لەو چەمکانە مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ بکرێت.



دەبێ ی.ن.ك لەسەرەتاوە دەستبکات بەلێکۆڵینەوەو دراسەکردنی گرفتەکانو بابەتەکان. دواتر لێکۆڵینەوە لێی و دانانی چارەسەر یان ئەڵتەرناتیڤ بۆیان.

**ئەپرڵی - ٢٠١١**

**سلێمانی**

# زنجیرەكانی هۆشیاری

| ز. بلاوكراوەكان | ز. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشكچی<br>و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. كامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێكهاتەو ئەركەكانی | ئامادەكردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەكیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنـە، ئیسلام لەبـــەردەم ئەگـــەری عەلمانیەتدا | ن. محمـــــد ڕەزا شالگونی و. عوسمـــان حســن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاســـەتی رووخســـاری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بـــەختیار جـــەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨ | ٢ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد ڕەسول | ٢٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠ | | | ١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. ســـــەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کـوردو پرسـی دانپێـدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریـــزم هەڕەشـــەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٢ | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بیشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | ڕامیار مەحمود | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەوبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٩ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە: | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | د. کوردۆ عەلی | |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع ترجمة: | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | عبدالرزاق محمود القيسي | |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت زنجیرەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ و. کارزان محمد | ٢٠١١ |